# ڕێبەری

## کۆنگرەی سێزدەهەم و خولی پەنجای ئەنجومەنی

# یەکێتی پەرلەمانی عەرەب

عیراق/هەولێر

٣-٥ ڕەبیعی یەکەم ١٤٢٩هـ   ١١-١٣ ئازار ٢٠٠٨ م

# ناوەرۆك


پێشەکی ........................................ ٣

یەکێتی پەرلەمانی عەرەبی ........................................ ٦

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ........................................ ٧

ناوو ناونیشانی ئەنجومەنەکانی ئەندام لەیەکێتی پەرلەمانی عەرەب ..... ٩

خشتەی کارەکان ........................................ ١٣

بەرنامەی کار ........................................ ١٦

چەند زانیاریەکی گشتی ........................................ ٢١

لیستی ناوی باڵوێزخانەکانی وڵاتانی عەرەبی لە بەغدا ........................ ٢١

پەیماننامەی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب ........................................ ٢٢

پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب ........................................ ٣٣

# پێشەکی

بەمەبەستی هاوتەریب بوون لەگەڵ ئامانجە بەرزەکانی پەیماننامەی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب بە ئامادەبوونی نوێنەرانی پەرلەمانە عەرەبیەکان کە بریتی بوون لە نوێنەری پەرلەمانەکانی ئوردون و بەحرەین و تونس و سودان و سوریاو فەلەستین و کوێت و لوبنان و میسرو مۆریتانیا کە لە وڵاتی سوریا لە بەرواری **١٩-٢١** ی حوزەیرانی **١٩٧٤** ئەنجامدراو لە کۆنگرەکەدا سێ بەڵگەنامە پەسەندکرا ئەوانیش بریتین لە بەیاننامەی دامەزراندن و پڕۆژەی پەیماننامەو پڕۆژەی پەیڕەوی ناوخۆ، هەروەك بڕیاریشدرا بەوەی یەکێتی پەرلەمانەکانی عەرەب ئەم دەزگایانەی هەبێت: کۆنگرە – ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانەکانی عەرەب – ئەمینداریێتی گشتی.
کۆنگرەی پەرلەمانەکانی عەرەب هەردوو ساڵ جارێك لە بارەگای ئەمێنداریێتی گشتی ئەنجام دەدرێت، هەروەك دەکرێت هەر یەکەیەکی پەرلەمانی عەرەب میوانداری کۆنگرەکە بکات لەسەر داوای خۆی و بە ڕەزامەندی زۆرینەی ڕەهای ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانەکانی عەرەب، کۆنگرەکەش هەڵدەستێت بە چاوخشاندنەوە بە پەیماننامەی یەکێتی پەرلەمانەکانی عەرەب و هەموارکردنی و پەسەندکردنی هەروەك هەڵدەستێت بە پێکهێنانی چەندین لیژنە بەمەبەستی بەڕێکردنی کارەکانی.
یەکێتی پەرلەمانەکانی عەرەب دوازدە کۆنگرەی بەستووەو دوایەمینیان کۆنگرەی دوازدەیەمین بوو کە لە دەریای مردوو لە وڵاتی ئوردون لە ڕۆژانی

۲۷و۲۸ی شــوباتی ۲۰۰٦ ســازکرا. یــەکێتی پەرلـەمانــەکانی عــەرەب لـەســەرجەم کۆنگرەو دانیشتنەکانیدا لــە چــەندین کێــشەی کۆڵیوەتــەوە کــە پەیوەندیــداربووە بــە بەدیهێنانی ئامانجە جیاوازەکانی لـە بوارەکانی سیاسی و یاسادانان، هــەروەك دەرکردنــی بڕیــارو ڕاســپاردەو دانــانی پلانــی جیاجیــا کــە چــالاکی و بــەردەوامبوونی یــەکێتی پەرلـەمانەکان لـەسەرجەم بوارەکان مسۆگەربکات. کــۆنگرەش پێکــدێت لــە چــەندین شاند کە بە پۆلی پەرلـەمانی ناودەبرێت و ئــەو وڵاتــەش کــە میوانــداری و سەرپەرشــتی کۆنگرەکە دەکات دەبێتە سەرۆکی کۆنگرەکە.

بەڵام ئەنجومەنی یەکێتی پەرلـەمانی عــەرەب پێکــدێت لــە دوو ئەنــدام لــە هــەر پۆلێك کە پێش ئەنجامدانی کۆبوونەوەی ئەنجومەن دیاری دەکرێن، هەروەك هەر پۆلێك دەتوانێت ئەندامی دیکە ڕەوانــە بکــات کــە ژمارەیــان لــە ســێ کــەس زیــاتر نــەبێت. ئەنجومەنی یــەکێتی پەرلــەمانی عــەرەب لــەمانگی شــوبات و یــەك جــار لــە ســاڵیکدا کۆبوونەوەی خۆی سازدەکات لەو وڵاتەی کە بارەگــای ئەمێنــداریێتی گــشتی یــەکێتی پەرلـەمانی عەرەب لێیە، بەمەرجێك ئەنجومەن بە زۆرینەی دەنگــی ڕەهــا بڕیــار نــەدات لـەسەر ئەنجامدانی لـە وڵاتێکی دیکە لـەسەر داوای پۆلی پەرلـەمانی ئــەو وڵاتــە. یــەکێتی پەرلـەمانی عەرەب لـە کاتی دامەزراندنیەوە چل و نۆ خوولی ئاســایی و نائاســایی خــۆی ئەنجامداوە، کە دوایەمینیان بریتی بوو لـە خوولی چل و نۆیەمین کە لـە عەقەبە لـە وڵاتــی ئوردون لــە ڕۆژانــی ۲٦و۲۰۰۷/۲/۲۷ ســازکرا. ســەرۆکایەتی ئەنجومــەنی یــەکێتی پەرلـەمانەکانی عەرەب بە نۆبە دەبێت بەپێی ڕیزبەنــدی پیتــەکانی هیجــائی نــاوی پۆلــە بەشدارەکان و دەشکرێت پۆلێکی دیاریکراو نۆبەکەی خۆی بدات بە پۆلی دوای خۆی لـە ریزبەندیداو بەم پێیەش شوێنی دەگرێتەوە.

بەڵام ئەمینداریێتی گشتی یەکێتی پەرلـەمانی عــەرەب بارەگاکــەی لــە دیمەشــقەو ئەنجومەنی یەکێتی پەرلـەمانی عەرەب بە کۆی ڕەهای دەنگی ئەندامانی و لـەسەر بنەمای

پالاوتنی یەکێك لە پۆلەکان و پشتیوانیکردنی پۆلێکی دیکە ئەمینداری گشتی دیاری دەکات. ئەمینداریێتی گشتی چەند ئەرکێك لە ئەستۆ دەگرێت لەوانە ئاسانکاری پەیوەندی لە نێوان پۆلەکان و یەکێتی پەرلەمانی عەرەب و دەستەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانو ئامادەکردنی ئەو بابەتانەی کە دەخرێتەبەردەم ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب و کۆنگرەکانی و پاراستنی بەڵگەنامەکان و کاروباری دارایی و کارگێڕی.

لە خولی چل و نۆیەمینی ئاسایی ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب کە لە مانگی شوباتی ٢٠٠٧ لە عەقەبە سازکرا بەکۆی دەنگ بڕیاری ژمارە ٣ی ئەنجومەنی ٤٩ پەسەندکرا کە تێیدا هاتووە: " ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب ڕەزامەندی نیشاندا لەسەر ئەو داوایەی کە پۆلی عێراق پێشکەشی کردووە بۆ میوانداریکردنی خولی ئاسایی داهاتوو و کۆنگرەی سێزدەیەمی یەکێتی لە بەغداو سەرۆکایەتی یەکێتی پەرلەمانی عەرەبیش دەگوازرێتەوە بۆ پۆلی عێراقی دۆست....هتد". بەپشت بەستن بەو وتووێژانەی کە لە نێوان دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەنجامدرا دوای سەردانی ئەمینداری گشتی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب و ڕەزامەندی زۆرینەی پۆلەکانی ئەندام لە یەکێتی پەرلەمانی عەرەب بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەکان لە عێراق، بڕیاردرا بە ئەنجامدانی کۆبوونەوەی خوولی پەنجای ئاسایی و کۆنگرەی سێزدەیەمی ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب لە شاری هەولێر لە عێراق لە بەرواری ١١–١٣ی ئازاری ٢٠٠٨.

# یەکێتی پەرلەمانی عەرەب

ڕێکخراوێکی پەرلـەمانی عەرەبیە لـە شاری دیمەشق لـە مانگی حـوزەیرانی سـاڵی ١٩٧٤ دامەزرێنراو هەموو پەرلـەمان و ئەنجومەنەکانی شورای وڵاتانی عەرەبی ئەندامن تێیدا کە بریتین لـە ٢٢ وڵات.

یەکێتی پەرلـەمانی عەرەب تێدەکۆشـێت بـۆ پتـەوکردنی دیـدارەکان لـە نێـوان پەرلـەمانتارانی عەرەب لـە پێناوی کاری هاوبەش و هەمەئاهەنگی هەوڵە پەرلـەمانیەکانی عەرەب لە بۆنە نێودەوڵـەتیەکان و ئاڵوگۆڕی شـارەزایی یاسـادانان و لێکۆڵینـەوە لـە کێشە عەرەبیەکان و دەرکردنی ڕاسپاردەو بڕیـار لـەوبارەیـەوە لـەگـەڵ قوڵکردنـەوەی چەمك و بەها دیموکراتیەکان لـە نیشتمانی عەرەبی و هەمەئاهەنگی لە بواری یاسـادانان و یەکخستنی لە وڵاتانی عەرەبی و کارکردن لـەبواری پـشتیوانیکردنی هاوکـاری لـە نێوان گەلانی جیهان و لـە پێناوی بەدیهێنانی ئاشتی لـەسەر بنەمای دادوەری.

**بارەگای گشتی:** دیمەشق – کۆماری عەرەبی سوریا

**سەرۆکی ئێستا:** بەڕێز ئەندازیار عەبـدولهادی ئەلمـەجالی، سـەرۆکی ئەنجومـەنی نوێنەرانی ئوردون.

**ئەمینداری گشتی:**بەڕێز نورەددین بۆشکۆج.

**ناونیشانی یەکێتی پەرلـەمانی عەرەب** : س. پ ٤١٣٠ دیمەشق – سوریا.

**تەلـەفۆن:** ٤٣/ ٠٠٩٦٣ ١١ ٦١٣٠٠٤٢

**فاکس:** ٠٠٩٦٣ ١١ ٦١٣٠٢٢٤

**ئیمەیڵ:** info@arab-ipu.org

**پێگەی ئەلیکترۆنی:** http://www.arab-ipu.org

# ئه نجومه‌نی نوێنه‌رانی عێراق

ئه‌نجومه‌نی نوێنه‌رانی عێراق لـه ٢٧٥ په‌رلـه‌مانتار پێکدێت که نوێنه‌رایه‌تی عێـراق ده‌که‌ن به‌گشتی و به ڕێگه‌ی هه‌ڵبژاردنی گشتی و نهێنی و ڕاسته‌وخۆ هه‌ڵده‌بـژێردرێن و تێیدا ڕه‌چاوی نوێنه‌رایه‌تی سـه‌رجه‌م پێکهاتـه‌کانی گـه‌ل ده‌کرێـت و مه‌رجـه که‌سـی پاڵێوراو بۆ ئه‌ندامێتی ئه‌نجومه‌نی نوێنه‌ران عێراقی بێت و به‌ته‌واوی شیاوبێت.

ماوه‌ی خولی هه‌ڵبـژاردنی ئه‌نجومـه‌نی نوێنـه‌ران چـوار سـاڵ ده‌بێـت و به‌یه‌کـه‌م دانیشتنی ده‌ست پێده‌کات و به کۆتایی ساڵی چواره‌م کۆتایی دێت. ئه‌نجومه‌نی نوێنه‌ران خولێکی ساڵانه‌ی خۆی هه‌یه که لـه دوو وه‌رزی یاسادانان پێکدێت ماوه‌که‌ی بریتیه لـه هه‌شت مانگ و په‌یڕه‌وی ناوخۆ چۆنیه‌تی سازدانیان دیاری ده‌کات. ئـه‌و وه‌رزه‌ش کـه بودجه‌ی گشتی تێدا ده‌خرێته‌ڕوو کۆتایی نایه‌ت تا ئه‌و کاتـه‌ی کـه په‌سـه‌ند ده‌کرێـت. ڕێژه‌ی یاسـایی دانیـشتنه‌کانی ئه‌نجومـه‌نی نوێنـه‌ران بـه ئامـاده‌بوونی زۆرینـه‌ی ڕه‌هـای ئه‌ندامه‌کانی ده‌بێت و ده‌رکردنی بڕیاره‌کانیش به‌زۆرینه‌ی ساده‌ی ئه‌ندامان ده‌بێت پـاش به‌دیهاتنی ڕێژه‌ی یاسایی به‌مه‌رجێ ده‌قێك نه‌هاتبێت که پێچه‌وانه‌ی ئه‌مه بێت.

ماده‌ی ٥٨ی ده‌سـتوری کۆمـاری عێـراق ئامـاژه‌ی بـه تایبه‌تمه‌نـدی ئه‌نجومـه‌نی نوێنه‌ران کردووه لـه‌وانه دانانی یاسـا فیدڕاڵیـه‌کان – چـاودێری کاره‌کـانی ده‌سـه‌ڵاتی ڕاپه‌ڕانـدن – هه‌ڵبـژاردنی سـه‌رۆك کۆمـار – ڕێکخـستنی په‌سـه‌ندکردنی په‌یماننامـه‌و ڕێککه‌وتننامه نێوده‌وڵه‌تیه‌کان – نیشاندانی ڕه‌زامه‌ندی لـه‌سه‌ر دامه‌زراندنی خاوه‌ن پلـه تایبه‌ته‌کان – بانگهێشتکردنی سه‌رۆکی ئه‌نجومه‌نی وه‌زیران و وه‌زیره‌کان.

ئه‌نجومه‌نی نوێنه‌ران به زۆرینه‌ی ڕه‌هـای ژمـاره‌ی ئه‌ندامـه‌کانی هه‌ڵده‌وه‌شـێته‌وه لـه‌سه‌ر داوای یه‌ك لـه سێی ئه‌ندامه‌کانی یان لـه‌سه‌ر داوای سه‌رۆکی ئه‌نجومه‌نی وه‌زیران

و ڕەزامەندی سەرۆك كۆمار، بەڵام ناكرێت ئەنجومەن لە كاتی ماوەی بانگهێشتكردنی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران هەڵبوەشێتەوە.

**سەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەران:** دكتۆر مەحمود داود سەلمان مەشهەدانی.

**جێگری یەكەمی سەرۆكی ئەنجومەن:** دكتۆر خالد ئەلعەتیە.

**جێگری دووەمی سەرۆكی ئەنجومەن:** بەڕێز عارف تەیفور.

**سەرۆكی دیوان:** ئەمجەد عەبدولحەمید ئەلدوری.

**بارەگای ئەنجومەن** : بەغدا –كۆماری عێراق.

**ناونیشانی پۆست:**

**تەلەفۆن:**

**فاكس:**

**ئیمەیڵ** : press@parliament.iq

**پێگەی ئەلیكترۆنی** : http://www.parliament.iq

# ناوو ناوونیشانی ئەنجومەنەکانی
# ئەندام لە یەکێتی پەرلەمانی عەرەب

| ز | ولات | ئەنجومەن و سەرۆکەکەی | ناونیشانی پۆست | پێگەی ئەلیکترۆنی و ئیمەیل |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پادشانشینی ئوردونی هاشیمی | بەرێز ئەندازیار عەبدوهادی ئەلمەجالی سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران | فاکس ٥٦٨٥٩٧٠ – ٩٦٢٦<br>تەلەفۆن ٥٦٩٠٤٥٥<br>ناونیشان : س.پ: ٧٢ – ١١١١٨<br>عەممان – پادشانشینی ئوردونی هاشیمی | http://www.parliament.gov.jo |
| | | دەوڵەتی بەرێز ریفاعی سەرۆکی ئەنجومەنی پیران | فاکس ٥٦٢١٧٨٢ – ٩٦٢٦<br>تەلەفۆن ٥٦٦٤١٢١<br>عەممان – پادشانشینی ئوردونی هاشیمی | http://www.parliament.gov.jo<br>E-Mail :<br>zaidzuraikat@parliament.gov.jo |
| ٢ | دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو | بەرێز عبد العزیز عبد الله الغریر<br>سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی فیدراڵی | فاکس ٦٨١٢٨٤٦ – ٩٧١٢<br>تەلەفۆن ٦٨١٢٠٠٠<br>ناونیشان : س.پ:٨٣٦<br>ئەبو زەبی – ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو | http://www.almajles.gov.ae<br>E-Mail : fncuae@emirates.net.ae |
| ٣ | پادشانشینی بەحرەین | بەرێز خلیفە الظهراني<br>سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران | فاکس ١٧٧٤٨٤٩١ – ٩٧٣<br>تەلەفۆن ١٧٧٤٨٤٠٠<br>ناونیشان : س.پ: ٢٩٩١<br>مەنامە – پادشانشینی بەحرەین | http://www.nuwab.gov.bh<br>E-Mail : almajlis@gov.bh |
| | | بەرێز علی صالح الصالح<br>سەرۆکی ئەنجومەنی شورا | فاکس ١٧٧١٥٧١٥ – ٩٧٣<br>تەلەفۆن ١٧٧٤٨٨٨٨<br>ناونیشان : س.پ: ٢٩٩١<br>مەنامە – پادشانشینی بەحرەین | http://www.shura.gov.bh<br>E-Mail : almajlis@gov.bh |
| ٤ | کۆماری تونس | بەرێز فؤاد المبزّع<br>سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران | فاکس ٥١٤٦٠٨ – ٢١٦٧١<br>تەلەفۆن ٥١٠٢٠٠<br>ناونیشان : قصر باردو – ٢٠٠٠<br>تونس – کۆماری تونس | http://www.chambre-dep.tn<br>E-Mail :<br>majless@chambre-dep.tn |
| ٥ | کۆماری جەزائیری دیموکراتی میللی | بەرێز عبد العزیز زیاری<br>سەرۆکی ئەنجومەنی جەماوەری نیشتمانی | فاکس ٧٣٩٧٦٥ – ٢١٣٢١<br>تەلەفۆن ٧٣٨٦٠٠<br>ناونیشان : ١٨ شارع زیروت یوسف<br>جەزائیر – کۆماری جەزائیری دیموکراتی میللی | http://www.apn.dz.org<br>E-Mail:<br>Rel.interp@apn.gov.dz |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | بەڕێز عبد القادر بن صالح<br>سەرۆکی ئەنجومەنی گەل | فاکس ٧٤٦١٠٢ – ٢١٣٢١<br>تەلەفۆن ٧٤٦٠٣١<br>ناونیشان : ٧ شارع زیروت یوسف<br>جەزائیر – کۆماری جەزائیری دیموکراتی میللی | http://www.majliselouma.dz |
| ٦ | کۆماری دوورگەکانی قەمەری یەکگرتوو | بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان | | |
| ٧ | کۆماری جیبۆتی | بەڕێز إدریس أرنؤط علی سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتمانی | فاکس ٣٥٥٥٠٣ – ٢٥٣<br>تەلەفۆن ٣٥٠١٧٢<br>ناونیشان : س.پ: ١٣٨ – جیبۆتی<br>کۆماری جیبۆتی | |
| ٨ | پادشانشینی عەرەبی سعودی | بەڕێز شێخ دکتۆر صالح بن عبد الله بن حمید<br>سەرۆکی ئەنجومەنی شورا | فاکس ٢١٢٠١٦٢ – ٩٦٦١<br>تەلەفۆن ٤٨٢١٦٦٦<br>ناونیشان : س.پ: ٦٣٣٩٣ – ١٢١٢ – ١١٥١٦<br>ریاز – پادشانشینی عەرەبی سعودی | http://www.shura.gov.sa<br>E-Mail : Webmaster@shura.gov.sa |
| ٩ | کۆماری سودان | بەڕێز أحمد إبراهیم الطاهر<br>سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی | فاکس ٥٦٠٩٥٠ – ٢٤٩١٨٧<br>تەلەفۆن ٥٥٧٩١٨<br>ناونیشان : ئەنجومەنی نوێنەران ئەمدرمان – کۆماری سودان | http://www.sudan-arliament.org<br>E-Mail:<br>info@sudan-parliament.org |
| ١٠ | کۆماری عەرەبی سوریا | بەڕێز الدکتور محمود الأبرش<br>سەرۆکی ئەنجومەنی گەل | فاکس ٢٢٤٦٤٩٥ – ٩٦٣١١<br>تەلەفۆن ٣٣٢٤٠٤٥<br>ناونیشان : ئەنجومەنی گەل<br>دیمەشق – کۆماری عەرەبی سوریا | http://www.parliament.gov.sy<br>E-Mail<br>:peoplecouncil@net.sy |
| ١١ | کۆماری سۆماڵ | بەڕێز شریف حسن شیخ آدم<br>سەرۆکی ئەنجومەنی گەل | | |
| ١٢ | کۆماری عێراق | بەڕێز محمود دواد المشهدانی<br>سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران | بەغداد – کۆماری عێراق | http://www.na-iraqi.com<br>E-Mail:<br>press@parliament.iq |
| ١٣ | سەڵتەنەی عومان | بەڕێز شێخ أحمد بن محمد العیسائی<br>سەرۆکی ئەنجومەنی شورا | فاکس ٥١٠٥٦٠ – ٩٦٨<br>تەلەفۆن ٥١٠٢٢٢<br>ناونیشان : س.پ: ٩٨١ – ئەلسەیب<br>مەسقەت – سەڵتەنەی عومان | http://www.shura.om<br>E-Mail:<br>Shura@omantel.net.om |
| | | بەڕێز دکتۆر یحیی بن محفوظ المنذری<br>سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەت | فاکس ٦٩٨٠٢٥ – ٩٦٨<br>تەلەفۆن ٦٩٩٠٤٤ | http://www.Statecouncil.gov.om<br>E-Mail :Stateomn@omantel.net.om |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | ناونیشان : س.پ: ٥٩ – هێمای پۆست: ١٣٣<br>مەسقەت – سەڵتەنەی عومان | |
| ١٤ | دەوڵەتی فەلەستین | بەڕێز سليم الزعنون<br>سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی فەلەستینی | فاکس ٥٨٥٥٧١١ – ٩٦٢٦<br>تەلەفۆن ٥٨٥٧٢٠٨<br>ناونیشان : س.پ: ٩١٠٣٤٤ جبل<br>ئەللوییدە ١١١٩١<br>عەممان – پادشانشینی ئوردونی هاشیمی | E-Mail : p-n-c@jonet.com |
| ١٥ | دەوڵەتی قەتەر | بەڕێز محمد بن مبارك الخليفي<br>سەرۆکی ئەنجومەنی شورا | فاکس ٤٣٥٦٨٤٠ – ٩٧٤<br>تەلەفۆن ٤٤١٣٢٢٢<br>ناونیشان : القصر الأبيض – س.پ:<br>٢٠٣٤ دەوحە – دەوڵەتی قەتەر | |
| ١٦ | دەوڵەتی کوەیت | بەڕێز جاسم الخرافي<br>سەرۆکی ئەنجومەنی ئومە | فاکس ٢٤٢١٩٤٨ – ٩٦٥<br>تەلەفۆن ٢٤٣٦٣٣٦<br>ناونیشان : س.پ: ٧١٦ – الصفاه –<br>١٣٠٠٨ کوەیت – دەوڵەتی کوەیت | http://www.alommah.gov.kw<br>E-Mail :<br>ameen2000@alommah.gov.kw |
| ١٧ | کۆماری لوبنان | دەوڵەتی نبيه بري<br>سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران | فاکس ٩٨٢٠٢٠ – ٩٦١١<br>تەلەفۆن ٩٨٢٠٤٤<br>ناونیشان : ساحة النجمه<br>بەیروت – کۆماری لوبنان | http://www.lp.gov.lb<br>E-Mail : info@lp.gov.lb |
| ١٨ | کۆماری عەرەبی<br>لیبیای جەماوەری<br>ئیشتیراکی میللی<br>گەورە | بەڕێز الزناتي محمد الزناتي ئەمینداری کۆنگرەی<br>گەلی گشتی | فاکس ٣٦٢٠٢٥٠ – ٢١٨٢١<br><br>ناونیشان : س.پ: ٨٠٤٠٠ –<br>تەرابلوس<br>لیبیای جەماوەری ئیشتیراکی میللی<br>گەورە | E-Mail : S.Shahoumi@ayna.com |
| ١٩ | کۆماری میسری<br>عەرەبی | بەڕێز دکتۆر أحمد فتحي سرور<br>سەرۆکی ئەنجومەنی گەل | فاکس ٢٧٩٥٨٠٤٩ – ٢٠٢<br>تەلەفۆن ٢٧٩٢١٧١٧<br>ناونیشان : مجلس الشعب<br>قاهیرە – کۆماری میسری عەرەبی | http://www.parliament.gov.eg<br>E-Mail : samymahran@hotmail.com |
| ٢٠ | پادشانشینی مەغریبی | بەڕێز مصطفى المنصوري<br>سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران | فاکس ٣٧٧٦٧٧٢٦ – ٢١٢<br>تەلەفۆن ٣٧٧٦١١٠١<br>ناونیشان : س.پ: ٤٣١<br>ریبات – پادشانشینی مەغریبی | http://www.majliss-annouwab.ma<br>E-Mail:<br>parlement@majliss-annouwab.ma |
| | | بەڕێز مصطفى عكاشه سەرۆکی ئەنجومەنی<br>ڕاوێژکاران | فاکس ٣٧٧٦٢٤٧٤ – ٢١٢<br>تەلەفۆن ٣٧٧٦١١١٦<br>ناونیشان : س.پ: ٤٣١<br>ریبات – پادشانشینی مەغریبی | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢١ | کۆماری ئیسلامی مۆریتانی | بەڕێز مسعود ولد بولخیر سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتمانی | فاکس ٥٢٥٧٠٧٨ – ٢٢٢<br>تەلەفۆن ٥٢٥١١٣٠<br>ناونیشان : س.پ: ١٨٥ – شەقامی ئیستقیلال نەواکشۆت – کۆماری ئیسلامی مۆریتانی | http://www.mauritania.mr |
| | | بەڕێز با ماما دو امباری<br>سەرۆکی ئەنجومەنی پیران | فاکس ٥٢٥٧٣٧٣ – ٢٢٢<br>تەلەفۆن ٥٢٥٦٨٧٧ – ٢٢٢<br>س.پ: ٥٨٨٣<br>شەقامی ئیستقیلال نەواکشۆت – کۆماری ئیسلامی مۆریتانی | |
| ٢٢ | کۆماری یەمەنی | بەڕێز يحيى علي الراعي<br>سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران | فاکس ٢٧٦٠٩١ – ٩٦٧١<br>تەلەفۆن ٢٧٢٧٦١<br>ناونیشان : س.پ: ٦٢٣<br>سەنعا – کۆماری یەمەنی | http://www.parliament.gov.ye<br>E-Mail : parliament.SG@y.net.ye |
| | | بەڕێز عبد العزيز عبد الغني<br>سەرۆکی ئەنجومەنی شورا | فاکس ٢٢٧٨١٦ – ٩٦٧١<br>تەلەفۆن ٢٢٧٨٠٢/٢٢٧٨١٤ – ٩٦٧١<br>س.پ: ٢٢٦١<br>سەنعا – کۆماری یەمەنی | E-Mail : Shoora@y.net.ye |

**یەکێتی پەرلـەمانی عەرەب**

**خولی پەنجای ئەنجومەنی یەکێتی پەرلـەمانی عەرەب**

**ئەمینداریێتی گشتی**

**هەولێر/ عێراق ٢٠٠٨/٣/١٣**

# پڕۆژەی خشتەی کار

١. پەسەندکردنی خشتەی کارەکان.

٢. پلانی کاری گشتی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب بۆ ساڵی ٢٠٠٨

٣. کاروباری دارایی.

أ. ژمێریاری کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧.

ب. بودجەی گشتی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب بۆ ساڵی ٢٠٠٨.

ج. خەملاندنی بودجەی ساڵی ٢٠٠٩.

٤. بارەگای نوێی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب.

٥. هەموارکردنە پێشنیارکراوەکان دەربارەی ڕێساکانی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب:

أ. پەیڕەوی ناوخۆ.

ب. ڕێسای کارمەندانی سەرەکی.

ت. ڕێسای دارایی.

٦. گواستنەوەی سەرۆکایەتی.

٧. هەر کارێك کە بێتە پێش دەست.

یەکێتی پەرلەمانی عەرەب

کۆنگرەی سێزدەیەمی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب

ئەمینداریێتی گشتی

هەولێر/ عێراق ١١- ٢٠٠٨/٣/١٣

# پرۆژەی خشتەی کار

١. هەڵبژاردنی نوسینگەی کۆنگرە (سەرۆك و ئەمیندارەکان).
٢. پەسەندکردنی خشتەی کار.
٣. ڕاپۆرتی ئەمینداری گشتی دەربارەی بارودۆخی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب لە کۆنگرەی دوازدەیەمەوە.
٤. بارودۆخی ئێستای عەرەبی و ڕۆڵی پەرلەمانتارانی عەرەب لە پتەوکردنی هاوکاری عەرەبی و یەکخستنی هەڵوێستەکان دەربارەی کێشە عەرەبیە هەنوکەییەکان.
٥. پەرەپێدانی بەردەوام لە نیشتمانی عەرەبی دیفاکتۆ و ئاسۆکان.
٦. ڕاپۆرتی لیژنەی پەرلەمانی عەرەب بۆ پەرەپێدانی کاری یەکێتی پەرلەمانی عەرەب: هەموارکردنە پێشنیارکراوەکان لەبارەی پەیماننامەو پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب.
٧. چالاکیەکانی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب لەسەرئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەکە:

أ. کۆمەڵەی ١١٨ی یەکێتی پەرلەمانی نێودەوڵەتی (کاب تاون – باشوری ئەفریقیا)

ب. کۆنگرەی یازدەیەمی پەرلەمانی ئەفریقی – عەرەبی.

ج. پێشنیاری سەرۆکی پەرلەمانی فیدراڵی کۆماری ڕوسیا بە بەستنی پەیماننامەی هەمەئاهەنگی و هاوکاری لەگەڵ یەکێتی پەرلەمانی عەرەب.

٨. کۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەیی و دەستە تایبەتەکانی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب:

- کۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەییەکان.

– سیاسی – پەرلەمانی.

- کاروباری ئابووری.
- کاروباری ئافرەت.

- کۆبوونەوەی دەستەی پەرلـەمانی عەرەب بۆ مافەکانی مرۆڤ

٩. زیادکردنی هەر پێشهات یاخود کارێکی نوێ.

**یەکێتی پەرلـەمانی عەرەب**
**کۆنگرەی سێزدەیەم و خولی پەنجای**
**یەکێتی پەرلـەمانی عەرەب**
**ئەمینداریێتی گشتی**
**هەولێر/ عێراق**
**١١- ٢٠٠٨/٣/١٣**

# پرۆژەی بەرنامەی کار

دووشەممە ٢٠٠٨/٣/١٠

- گەیشتنی شاندە پەرلەمانیەکان بۆ هەولێر.
- بانگهێشتی سەرۆکی پەرلەمان و شاندەکان بۆ نانخواردنی ئێوارە لەلایەن بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

سێشەممە ٢٠٠٨/٣/١١

١٠:٠٠ – ١١:٠٠ دانیشتنی کردنەوەی کۆنگرەی سێزدەیەم.

١١:٠٠ – ١١:٣٠ پشوو.

١١:٣٠ – ١٣:٣٠ دانیشتنی کاری یەکەم .

- هەڵبژاردنی نوسینگەی کۆنگرە (سەرۆك و ئەمیندار – بەندی ١).
- پەسەندکردنی بەرنامەی کار (بەندی ٢).
- ڕاپۆرتی ئەمینداری گشتی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب (بەندی ٣).
- تێبینی بەڕێزان سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی شاندەکان دەربارەی بارودۆخی ئێستای عەرەبی (بەندی ٤).

١٣:٣٠ – ١٥:٣٠ نانخواردنی نیوەڕۆ.

١٥:٣٠ – ١٩:٠٠ دانیشتنی کاری دووەم.

- پێکهێنانی لیژنەکانی کۆنگرە.
  - لیژنەی یاسایی.
  - لیژنەی سیاسی – پەرلەمانی.

- لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووری و کۆمەڵایەتی.
- لیژنەی کاروباری ئافرەت.

– بەدواداچوونی تێبینی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و شاندەکان دەربارەی بارودۆخی ئێستای عەرەبی.

– وتەی بەڕێز سەرۆکی شاندەکان.

– دەستەی پەرلەمانی عەرەب بۆ مافەکانی مرۆڤ.

– لیژنەی داڕشتن.

١٦:٠٠ – کۆبوونەوەی لیژنەی یاسایی بۆ تاووتوێکردنی بەندی ٦ ی بەرنامەی کاری کۆنگرە.

– ڕاپۆرتی لیژنەی پەرلەمانی عەرەب بۆ پەرەپێدانی کاری یەکێتی پەرلەمانی عەرەب و هەموارکردنە پێشنیارکراوەکان لەبارەی پەیماننامەی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب و تاووتوێکردنی بەندی ٥ لە کارنامەی ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب کە پەیوەندیدارە بە هەموارکردنە پێشنیارکراوەکان دەربارەی ڕێساکانی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب :

أ– پەیڕەوی ناوخۆ ب– پەیڕەوی دارایی ج– سیستەمی بنەڕەتی کارمەندانی.

– وتەی بەڕێزان سەرۆکی پەرلەمان و شاندەکان دەربارەی بارودۆخی ئێستا عەرەبی.

٢٠:٠٠ نانخواردنی ئێوارە

**چوارشەممە ٢٠٠٨/٣/١٢**

**٩:٣٠–١٣:٣٠ کۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەییی و دەستەکان:**

**– بەدواداچوونی کۆبوونەوەی لیژنەی یاسایی (هەمواركردنی پەیماننامەو سیستەمەکان).**

**– لیژنەی سیاسی – پەرلەمانی.**

**– لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووری و کۆمەڵایەتی (لێکۆڵینەوەی بەندی ٥ لە چوارچێوەی بەرنامەی کاری کۆنگرەکە)**

**– لیژنەی کاروباری ئافرەت.**

**– دەستەی پەرلەمانی عەرەب بۆ مافەکانی مرۆڤ.**

**١٣:٣٠–١٥:٣٠ نانخواردنی نیوەڕۆ**

**١٥:٣٠– ١٩:٣٠ – بەدواداچوونی کۆبوونەوەی لیژنەکان.**

**– ئامادەکردنی ڕاپۆرت و ڕاسپاردەکان.**

**– کۆبوونەوەی لیژنەی داڕشتن.**

**٢٠:٠٠ نانخواردنی ئێوارە**

**پێنجشەممە ٢٠٠٨/٣/١٣**

**٩:٣٠–١٠:٠٠ کردنەوەی خولی پەنجای ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب**

**– وتەی بەڕێز سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب**

**١٠:١٥–١٢:٣٠ دانیشتنی کاری یەکەم:**

**– پەسەندکردنی کارنامەی دانیشتنەکان (بەندی ١)**

**– بارەگای نوێی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب .**

- گواستنەوەی سەرۆکایەتی.

١٠:١٥-١٣:٣٠ - کۆبوونەوەی لیژنـەی کاروبـاری دارایـی و ئـابووری و کۆمەڵایەتی (تاووتوێکردنی پلانی کارو کاروباری دارایی - هەردوو بەندی ٢-٣ لە بەرنامەی کاری ئەنجومەن).

٩:٣٠-١٣:٣٠ بەدواداچـوونی کۆبوونـەوەی لیژنـەی یاسـایی بـۆ لێکۆڵینـەوەی هەموارکردنـە پێـشنیارکراوەکان دەربـارەی پەیماننامـەی یـەکێتی پەرلەمانی عەرەب و ڕێساکانی.

١٣:٣٠- ١٥:٣٠ نانخواردنی نیوەڕۆ

١٥:٣٠- ١٨:٣٠ - بەدواداچـوونی کۆبوونـەوەی لیژنـەی یاسـایی و ئامادەکردنی ڕاپۆرت.

- بەدواداچوونی کۆبوونەوەی لیژنەی کاروباری دارایی و ئـابووری و کۆمەڵایـەتی (لێکۆڵینـەوەی پلانـی کـارو کاروبـاری دارایـی و ئامادەکردنی ڕاپۆرت).

- کۆبوونەوەی لیژنەی دارشتن.

١٩:٣٠ - دانیشتنی کۆتایی هاوبەشی کۆنگرەو ئەنجومەن.

- پەسەندکردنی بەیاننامەی کۆتایی.

# چەند زانیاریەکی گشتی

١- شوێنی حەوانەوە

میوانخانەی هەولێری نێودەوڵەتی-هەولێر

میوانخانەی خانزاد – هەولێر

میوانخانەی بلازا – هەولێر

٢- سکرتاریەتی کۆنگرە:

بەڕێوەبردنی کارەکانی کۆنگرەکە بە سکرتاریەتێکی هاوبەش دەبێت لە نێوان یەکێتی پەرلەمانی عەرەب و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

٣- بەڵگەنامەکانی کۆنگرەکە :

سەرجەم بەڵگەنامەکانی کۆنگرەکە بەهەردوو زمانی عەرەبی و کوردی دەبێت.

٤- خزمەتگوزاری دیکە :

نوسینگەی گەشتکردن – بانکی گۆڕینەوەی دراو – ناوەندی پۆست و تەلەفۆن و ئەنتەرنێت – خزمەتگوزاری پزیشکی .

# ليستی باڵوێزخانەی وڵاتە عەرەبییەکان لە بەغدا

| مۆبایل | باڵوێز یان هەڵسوڕێنەری کاروبارەکان | ناوی دەوڵەت | ز |
|---|---|---|---|
| ٠٧٩٠١٩٢٣٦٩٩ | دکتۆر عادل ئەلشاحات/ هەڵسوڕێنەری کاروبار | باڵوێزخانەی کۆماری عەرەبی سوریا | ١ |
| ٠٧٩٠١٤٤٨٠٥٣ | هوزاع نواف شەریف/ هەڵسوڕێنەری کاروبار | باڵوێزخانەی کۆماری لبنان | ٢ |
| ٠٧٩٠١٣٤١٦٩٥ | دەلیل میخائیل ئەلقەسوس/ هەڵسوڕێنەری کاروبار | باڵوێزخانەی فەڵستیین | ٣ |
| ٩١٤٨٢٢٩٦٢٨ MCI | مەهدی عەلی موحەممەد ئەلروزی/ هەڵسوڕێنەری کاروبار | باڵوێزخانەی کۆماری یەمەن | ٤ |
| ٠٧٩٠١١٥٢٤٢٩ | خەیری حەسەن عەلی/بەرپرسی نێردراو | باڵوێزخانەی کۆماری میسری عەرەبی | ٥ |
| ٩١٤٣٦٠٢٣٥٧ MCI | میرغەنی ئەلنور باریش/باڵوێز | باڵوێزخانەی کۆماری سودانی | ٦ |
| ٠٧٩٠٣٨٣٥٣٤١ | عەبدولڕەئوف بن حوریە/ هەڵسوڕێنەری کاروبار | باڵوێزخانەی کۆماری تونس | ٧ |

# پەیماننامەی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب

## پێشەکی

– ئێمە نوێنەری ئەنجومەنی پەرلەمانەکانی عەرەب لە دیمەشق لەبەرواری ٦/١٩ تا ١٩٧٤/٦/٢١، لە ڕوانگەی ویستی عەرەبی هاوبەش و یەکێتی کاری بەکۆمەڵی عەرەبی لە خزمەتکردنی دۆسیەکانی ئازادی و پێشکەوتن لە نیشتمانی عەرەبی و ئاشتی و هاوکاری نێودەوڵەتی.

– هاوتەریب لەگەڵ بنەماو ئامانجە بەرزەکانی پەیماننامەی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

– بەرەچاوکردنی پێویستی کۆکردنەوەی وزەو تواناکانی عەرەب و بەکارهێنانی سەرجەم تواناکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ناهەمواریانەی کە لەسەر ڕێگای ئازادی و پەرەپێدان و پێشکەوتن و گەشەکردنن.

– هەروەك سووربوون لەسەر چەسپاندنی هەوڵەکان بۆ قوڵکردنەوەی چەمکەکانی دیموکراتی لەسەر بنەماکانی ئازادی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

– لە بڕوای تەواومان بەوەی بەدیهێنانی ئاشتی لەسەر بنەمای دادوەری و هاوکاری نێودەوڵەتی کارێکی پێویست و گرنگە بۆ گەشەکردنی کۆمەڵگە شارستانیەتی مرۆڤایەتی.

– لەو ڕوانگەیەوە کە پەرەپێدانی دیدارەکان لە نێوان ئەنجومەنی پەرلەمانیە عەرەبیەکان خزمەتی ئەم ئامانجانە دەکات.

– بەلـەبەرچاوگرتنی ئەو بەرپرسیاریەتیەی لـەسەرشـانمانە لــە کۆکردنــەوەی ئەنجومــەنی پەرلـەمانە عەرەبیەکان لـە یەکێتیەکدا کە هەوڵ بدات بۆ پــشتیوانیکردنی پەیوەنــدی لــە نێوان ئەم وڵاتانــەو ئاراســتەکردنیان بــەرەو هەرشــتێك کــە مایــەی چــاکەی هاوبەشــی نیشتمانی عەرەبیە.

– بەدانپێدانان بەوەی کە ئەم یەکێتیە هۆکارێکی کاریگەرە لــە قوڵکردنــەوەی ڕەگ و ڕیشەی پەیوەندی عەرەبی لـە نێوان وڵاتان و گەلانمان و چەمك و بــەها دیموکراتیــەکان لـە نیشتمانی عەرەبیدا.

– لـەبەر سووربوونمان لـەسەر ئەوەی سەرجەم پەرلـەمانە عەرەبیەکان نوێنەریان هــەبێت لـە یەکێتی پەرلـەمانی عەرەب ، لـەسەر ئەم پەیماننامەیەی خوارەوە ڕێککەوتین:

# ئامانجی پێکهێنانی
# یەکێتی پەرلەمانی عەرەب

### مادەی ( ١ )

یەکێتی پەرلـەمانی عەرەب کاردەکات بۆبەدیهێنانی ئەم مەبەستانەی خوارەوە:

أ. پتەوکردنی دیدارو گفتوگــۆ لــە نێــوان ئەنجومــەنی پەرلـەمانــە عەرەبیــەکان و پەرلـەمانتارانی عەرەب لـە پێناوی کاری هاوبــەش و هەمەئاهــەنگی پەرلــەمانی عەرەب لـە سەرجەم ئاستەکان و گۆڕینەوەی شارەزایی لـە بواری یاسادانان.

ب. هەمەئاهــەنگی لــە نێــوان هەوڵــەکانی ئەنجومــەنی پەرلـەمانــە عەرەبیــەکان لـەسەرجەم بۆنەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بەتایبەت لـە چوارچێوەی یەکێتی پەرلـەمانی نێودەوڵەتی سەبارەت بەو پەرلـەمانە عەرەبیانەی کــە ئەنــدامن لــەو ڕێکخراوە.

ج. تـاووتوێکردنی دۆسـیە عەرەبیـە هاوبەشـەکان لـە چوارچـێوەی نەتـەوەیی و نێودەوڵەتی و دەرکردنی ڕاسپاردەو بڕیار لەوبارەیەوە.
د. کـارکردن بەمەبەسـتی قوڵکردنـەوەی چـەمك و بـەها دیموکراتیـەکان لـە نیشتمانی عەرەبیدا.
ه. کارکردن بۆ هەمەئاهەنگیو یەکخستنی هەوڵەکان لـە بـواری یاسـادانان لـە وڵاتانی عەرەبی.
و. کارکردن لەسەر پشتیوانیکردنی هاوکاری لە نێوان گەلانی جیهان لە پێنـاوی ئاشتیەك کە لەسەر بنەمای دادوەری دامەزرابێت.

## مادەی ( ٢ )

یەکێتی پەرلەمانی عـەرەب لـەو پۆلانـە پێکـدێت کـە نوێنەرایـەتی ئەنجومـەنی یاسادانانی ئەو وڵاتانە دەکەن کە ئەندامن لە کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی.

## مادەی ( ٣ )

یەکێتی پەرلەمانی عەرەب ئەم دەزگایانەی خوارەوەی دەبێت:

أ- کۆنگرە.

ب-ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب.

ت-ئەمینداریێتی گشتی.

# کۆنگرە

**مادەی ( ٤ )**

– کۆنگرە هەڵدەستێت بە تاووتوێکردنی ئەو بابەتانەی کە دەخرێتە بەردەستی لە چوارچێوەی ئەو ئامانجانەی کە لە مادەی یەکەم ڕوونکراوەتەوەو بڕیارو ڕاسپاردەکانیش لەمبارەیەوە بە زۆرینەی ڕەها دەبێت.

– کۆنگرە هەڵدەستێت بە دانانی پەیماننامەو هەموارکردن و پەسەندکردنی بەپێی ئەو ڕێوشوێنانەی کە مادەی ١٧ی ئەم پەیماننامەیە دیاری کراوە.

– کۆنگرە چەند لیژنەیەك پێکدەهێنێت بۆ ڕاییکردنی کارەکانی.

**مادەی ( ٥ )**

کۆنگرە هەر دوو ساڵ جارێك سازدەکرێت لەو وڵاتەی کە بارەگای ئەمینداریێتی گشتی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب لێیە، هەروەك هەر پۆلێکی پەرلەمانی عەرەب دەتوانێت میوانداری کۆنگرە بکات لەسەر داوای خۆی و ڕەزامەندی ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب بە زۆرینەی ڕەها.

**مادەی ( ٦ )**

کۆنگرە لەو شاندانە پێکدێت کە پۆلە پەرلەمانیە ئەندامەکان لە یەکێتی پەرلەمانی عەرەب دیاری دەکەن.

**مادەی ( ٧ )**

سەرۆکایەتی کۆنگرە لەلایەن پۆلی ئەو وڵاتەوە دەبێت کە میوانداری کۆنگرەکەی کردووە.

**مادەی ( ٨ )**

پێویستە هەر پۆلێك ئەنجومەنی پەرلەمانەکەی ئاگاداربکات دەربارەی بڕیارو ڕاسپاردەی کۆنگرەکەو هەروەك پێویستە ئەمینداریێتی گشتی ئاگاداربکاتەوە لەبارەی ئەو هەولآنەی کە لەمبارەیەوە دەدرێن.

## ئەجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب

**مادەی ( ٩ )**

أ – ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب لە دوو ئەندامی هەر پۆلێك پێکدێت کە پێش ئەنجامدانی ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب دیاری دەکرێن، هەر پۆلێکیش دەتوانێت ئەندامی دیکە ڕەوانە بکات کە ژمارەیان لە سێ کەس زیاتر نەبێت.

ب –

– سەرۆکایەتی ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب سالآنە بە نۆبە دەبێت بەپێی ڕیزبەندی پیتی هیجائی ناوی پۆلە بەشدارەکان، هەر پۆلێکی دیاری کراویش دەتوانێت نۆبەکەی خۆی بدات بە پۆلی دوای خۆی و بەو پێیەش جێی دەگرێتەوە.

– دەکرێت سەرۆکایەتی ئەنجومەن بۆ سالّی دووەم درێژ بکرێتەوە لەسەر داوای پۆلێکی پەرلەمانی یان زیاتر ئەویش پێش یەکی مانگی تشرینی دووەمی ئەو سالّە دەبێت، لەمبارەشدا ئەمبنداریێتی گشتی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب داوا ڕەوانەی پۆلە ئەندامەکان دەکات، ئەگەر داواکە ڕەزامەندی دوو لە سێی بەدەست هێنا ئەوا ئەنجومەن لە بارەگای پۆلی سەرۆکایەتی دەبەسترێت.

ج– ئەگەر سەرۆكی یەكێتی پەرلـەمانی عەرەب نـەیتوانی ئەركـەكانی جێبـەجێ بكات لـە پۆلـە نیشتمانیەكەی لـەبەر هەر هۆكارێك بێت، ئەوا سەرۆكی نـوێی پۆلـەكـە ئەركەكانی سەرۆكایەتی یەكێتی پەرلـەمانی عەرەب لـە ئەستۆ دەگرێت.

د – سەرۆكی یەكێتی پەرلـەمانی عەرەب مافی ئەوەی هەیە كە لـەكاتی پێویستدا بە نووسراوو بۆماوەیەكی دیاریكراو سەرۆكی ئەو پۆلـە پەرلـەمانیەی كە بەدوایدا دێـت لـە ڕیزبەندی هیجائیـدا ڕابـسپێرێت بـۆ ڕاییكردنـی كاروبارەكـانی یـەكێتی پەرلــەمانی عەرەب، ئەگەر ئەویش نەیتوانی ئەوا دواتریان ڕادەسپێردرێت، بەو مەرجـەی پۆلــەكان ئاگاداربكرێن.

هـ – هەر پۆلێك دوو دەنگی دەبێت لـە ئەنجومەنی یەكێتی پەرلـەمانی عەرەب .

و – ئەگەر ئەو پۆلـەی كە سەرۆكایەتی لـە ئەستۆ گرتووە توانـای ئـەو كـارەی نەما ئەوا ڕاستەوخۆ سەرۆكایەتی دەگوازرێتەوە بۆ ئەو پۆلـەی كە بەدوایدا دێت بـەپێی ڕیزبەندی هیجائی.

## مادەی ( ١٠ )

ئەنجومەنی یەكێتی پەرلـەمانی عەرەب ئەم تایبەتمەندیانەی هەیە:

أ – دانان و هەمواركردنی ڕێسا ناوخۆیی و دارایـی و كارگێڕیـەكان یـان هـەر ڕێسایەكی دیكە كە بە پێویستی بزانێت بە ڕەزامەندی زۆرینەی ڕەهای ئەو پۆلانەی كە ئەندامن.

ب – داناننی خشتەی كـاری كـۆنگرەو ئاڕاسـتەكردنی بانگهێـشت دەربـارەی ئەنجامدانی كۆنگرەو دیاریكردنی شوێن و وادەی ئەنجامدانی.

ج – وەرگرتن و لێكۆڵینەوەی پێشنیارەكان مەگەر بەباشی بزانێت كە ڕەوانەی كۆنگرە بكرێت.

د – لێکۆڵینەوەو پەسەندکردنی بودجەی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب و پێداچوونەوەی ژمێریاری دارایی پێشوو و پەسەندکردنی.

هـ – دامەزراندنی ژمێریاری یاسایی و دیاریکردنی مووچەکەی.

و – ڕێگەدان بەو وڵاتە عەرەبیانەی کە نوێنەریان نیە لەگەڵ ڕێکخراوو دەستە عەرەبی و نێودەوڵەتیەکان تاوەکو چاودێر ڕەوانە بکەن بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی کۆنگرەو لیژنەکان، هەروەك مافی دوانیان هەیە، بەڵام ناتوانن دەنگ بدەن.

ز – چاوخشاندنەوە بەو داوایانەی کە لەلایەن پۆلە پەرلەمانیە عەرەبیەکانەوە پێشکەش دەکرێت بۆ ئەندامبوون لە یەکێتی پەرلەمانی عەرەب.

ح – ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی کە کۆنگرە پێی ڕادەسپێرێت، هەروەك ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب بەگشتی دەتوانێت هەر ڕێوشوێنێك بگرێتەبەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب.

**مادەی ( ١١ )**

أ – دانیشتنی ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب یەك ساڵ جارێك لە مانگی شوباتدا لەو وڵاتەی بارەگای ئەمینداریێتی گشتی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب لێیە کۆبوونەوەی خۆی سازدەکات، بەمەرجێك ئەنجومەن بەزۆرینەی دەنگ بڕیار نەدات کە لە وڵاتێکی دیکە سازبکرێت لەسەر داوای پۆلی پەرلەمانی ئەو وڵاتەی کە بڕیارە لێی سازبکرێت.

ب – هەروەها سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب سەرۆکی پۆلە پەرلەمانیەکان یان ئەو کەسانەی کە جێیان دەگرنەوە بانگهێشت دەکات بۆ کۆبوونەوە لە بارەگای یەکێتی پەرلەمانی عەرەب لە نیوەی دووەمی هەموو ساڵێك لە پێناوی

ئامـادەکردنی بابەتـەکان و هەمەئاهـەنگی لـە نێـوان هەڵوێـستی شـاندە پەرلـەمانیـە عەرەبیەکان لـە کۆنگرەو یانە نێودەوڵەتیەکاندا.

ج – سەرۆکی یـەکێتی پەرلـەمانی عـەرەب دەتوانێـت بانگهێـشتی ئەنجامـدانی دانیشتنێکی نائاسایی بکات ئەگەر بەپێویستی زانی یـاخود لەسـەر داوای چـوار یـەکی ئەندامان.

## مادەی ( ١٢ )

یەکێتی پەرلـەمانی عەرەب ئەمینداریێتیەکی گـشتی دەبێـت کـە بارەگاکـەی لــە دیمەشق دەبێت و ئەنجومەنی یەکێتی پەرلـەمانی عـەرەبیش بەزۆرینـەی ڕەهـای دەنگـی ئەندامانی ئەمینداری گشتی دیاری دەکات بۆ ماوەی سێ ساڵ لەسەر بنـەمای پـالاوتنی لەلایەن یەکێك لە پۆلـەکان و پشتیوانیکردنی پۆلێکی دیکە. دامەزراندنی ئەو کەسەش لە نێوان چەند کەسی خـاوەن شـارەزایی پەرلـەمانی دەبێـت کـە چـەند کەسـانێکیش شایەتی بدەن بەوەی لێهاتوویی زانستی و کارگێڕی هەیەو ئەنجومەنی یەکێتی پەرلـەمانی عەرەبیش مووچەو دەرماڵەی بۆ دیاری دەکات.

سەرۆکی ئەنجومەنی یەکێتی پەرلـەمانی عەرەبیش لەسەر هەمان بنەمای پـالاوتنی ئەمینداری گشتی، یاریدەدەری ئەمینداری گشتی و بەرێوەبەرەکان و ئەو کەسـانەی لــە ئاستیاندان دیاری دەکات، بەو مەرجەی لەکاتی دیاریکردنیاندا شارەزایی و نوێنەرایەتی ولاتانی ئەندام لە یەکێتی پەرلـەمانی عـەرەب بـە گـوێرەی پێویـست ڕەچـاو بکرێـت. هەروەها سەرۆکی یەکێتی پەرلـەمانی عەرەب دەتوانێـت ئەمینـداری گـشتی سەرپـشك بکات بە دامەزرانـدنی کارمەنـدی کـارگێڕی پێویـست بـۆ ڕاییکردنـی کاروبارەکـانی یەکێتی پەرلـەمانی عەرەب لـە سنوری بودجەی پەسەندکراو لەلایەن ئەنجومەنی یـەکێتی پەرلـەمانی عەرەب و میلاکی فەرمانبەرانی ئەمینداریێتی گشتی.

## مادەی ( ١٣ )

ئەمینداری گشتی ڕاپۆرتێکی ساڵانە ئامادە دەکات دەربارەی دەستکەوت و پەرەسەندنە پەرلەمانیە نێودەوڵەتیەکانی پەیوەست بە کاروباری وڵاتانی ئەندام، پۆلە بەشدارەکانیش لە یەکێتی پەرلەمانی عەرەب ڕاپۆرتی پێویستی بۆ ڕەوانە دەکەن لەمبارەیەوە پێش وادەی ئەنجامدانی ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب لانی کەم بە دوو مانگ. ئەمینداری گشتی ئەم ڕاپۆرتە ڕەوانەی پۆلە بەشدارەکانی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب دەکات پێش کۆبوونەوەی ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب بە ماوەیەك کە لە یەك مانگ کەمتر نەبێت.

## مادەی ( ١٤ )

ئەمینداریێتی گشتی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب ئەم کارانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

أ – ئەنجامدانی پەیوەندی بەردەوام لە نێوان پۆلە پەرلەمانیەکان و یەکێتی پەرلەمانی عەرەب و دەستەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان.

ب – ئامادەکردنی ئەو بابەتانەی کە دەخرێتە بەردەم ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب و کۆنگرەکانی و ئامادەکردنی بەڵگەنامەو ڕاپۆرتە پێویستەکان لەوبارەیەوە لەگەڵ ئامادەکردنی کۆنووس و نووسراوەکان.

ج – پاراستنی بەڵگەنامەکان.

د – کاروباری دارایی و کارگێڕی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب.

ه – گەیاندنی ئەو بڕیارو ڕاسپاردانەی کە کۆنگرەو ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب پەسەندی دەکەن بە پۆلەکان و کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی و حکومەتە عەرەبیەکان و یەکێتی پەرلەمانی نێودەوڵەتی و ئەو لایەنانەی کە پەیوەندیدارن.

# بڕیارە کۆتایی و کاتیەکان

**مادە** ( ١٥ )

پۆلـەکان بەشداری دەکەن لـە بودجەی یەکێتی پەرلــەمانی عـەرەب بـەپێی ئـەو ڕێژانەی کە لـە پەیڕەوی ناوخۆ دیاری کراوە، هەروەها بە پێی ئەو هەموارکردنانەی کە ئەنجومەنی یەکێتی پەرلـەمانی عەرەب بریاری لـەبارەوە دەدات.

**مادەی** ( ١٦ )

أ – ئەنجومەنی یەکێتی پەرلـەمانی عەرەب بە زۆرینەی دوو لـە سێی ئەندامـەکانی دەتوانێت ئەو ڕێـسایانەی کـە لــە بڕگـەی أ مـادەی دەی ئـەم بەڵگەنامەیـەدا هـاتووە هەمواربکات لـەسەر پێشنیارێکی نووسراوی یەکێك لـە پۆلـە پەرلـەمانیەکان.

ب –مەرجـــە پێـــشنیاری هـــەموارکردن لـەلایـــەن ئەمینـــدارێتی گـــشتیەوە بخرێتەبەردەمی پۆلـە پەرلـەمانیە ئەندامەکان بەلانی کـەم پـێش ئەنجامـدانی کۆبوونـەوەی ئەنجومەنی یەکێتی پەرلـەمانی عەرەب بە دوو مانگ.

**مادەی** ( ١٧ )

دەکرێت ئەم بەڵگەنامەیە هەمواربکرێت بە پێشکەشکردنی پێشنیارێکی نووسراو لـەلایەن سێ پۆلی پەرلـەمانی بەلانی کەم بۆ کۆنگرە پـێش ئەنجامـدانی بـەلانی کـەم بـە ماوەی سێ مانگ، هەروەك پێویستە دوو لـەسەر سێی پۆلـە پەرلـەمانیـە ئەندامـەکان لــە یەکێتی پەرلـەمانی عەرەب ڕەزامەندی لـەسەر هەموارکردنەکە نیشان بدەن.

**مادەی ( ١٨ )**

یەکێتی پەرلـەمانی عەرەب کەسایەتیەکی مەعنەوی هەیە کە سەرۆکی ئەنجومەنی یەکێتی پەرلـەمانی عەرەب یان ئەو کەسەی جێی دەگرێتەوە نوێنەرایەتی دەکات.

# پەیڕەوی ناوخۆی
# یەکێتی پەرلەمانەکانی عەرەب

## ناوو هێماکان

### مادەی — ١

بۆ جێبەجێکردنی بڕگەکانی پەیماننامەی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب ئەم ڕێسایە دادەنرێت کە بە "پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب" ناودەبرێت.

### مادەی - ٢

هەریەك لەم ناوانەی خوارەوە ئەو مانایانەی هەیە کەلەلایەوە نوسراوە:

یەکێتی : یەکێتی پەرلەمانی عەرەب.

پەیماننامە : پەیماننامەی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب.

ئەنجومەن : ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب.

کۆنگرە : کۆنگرەی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب.

سەرۆکی یەکێتی : سەرۆکی ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب.

ئەمینداری گشتی : ئەمینداری گشتی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب.

ئەمینداریێتی گشتی : ئەمینداریێتی گشتی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب.

پۆل : پۆلی پەرلەمانی بەشدار لە یەکێتی پەرلەمانی عەرەب.

بارەگا : بارەگای یەکێتی پەرلەمانی عەرەب لە دیمەشق.

## پێکهێنانی کۆنگره

### مادەی — ٣

أ. کۆنگره پێکدێت له شاندی پۆله پەرلەمانیەکانی ئەندام له یەکێتی پەرلەمانی عەرەب.

ب. شاندی هیچ پۆلێك نابێت له حەوت ئەندام زیاتر بێت و هەر پۆلێکیش پێنج دەنگی دەبێت.

ج. دەبێت هەر پۆلێکی پەرلەمانی ناوی ئەو ئەوکەسانه ڕەوانەی ئەمینداریێتی گشتی بکات که بەنوێنەرایەتی ئەو پۆله بەشداری کۆنگره دەکەن بەلانی کەم پێش مانگێك له وادەی ئەنجامدانی کۆنگرەکه.

### مادەی — ٤

أ. ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب لەسەر پێشنیاری پۆله پەرلەمانیەکان یان ئەمینداری گشتی، دەتوانێت بانگهێشتی نوێنەری ڕێکخراوو دەسته عەرەبی و نێودەوڵەتیەکان بکات بۆ ئامادەبوون له کارەکانی کۆنگره به ناوی چاودێر بەپێی بڕگەی (و) له مادەی ١٠ ی پەیماننامەی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب.

ب. چاودێر مافی ئەوەی هەیه بدوێت پاش مۆڵەت وەرگرتن له سەرۆك.

ج. ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب دەتوانێت گوێگرێت له سەرۆکی کۆنگره حکومیەکان یان ئەو کەسانەی له ئاستی ئەواندان دەربارەی پەرەسەندنەکانی کاری عەرەبی هاوبەش که پەیوەندیداره به بواری کاریانەوه.

### مادەی — ٥

أ. کۆنگره هەر دووساڵێك جارێك ئەنجام دەدرێت لەو وڵاتەی که بارەگای ئەمینداریێتی گشتی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب لێیه. هەروەها هەر پۆلێکی پەرلەمانی عەرەب دەتوانێت میوانداری کۆنگره بکات لەسەر داوای خۆی و ڕەزامەندی

زۆرینەی ڕەهای ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب. ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب بەروارو خشتەی کارەکانی کۆنگرە دیاری دەکات و بانگهێشتی پۆلەکان دەکات پێش دوومانگ بەلانی کەم لە بەرواری ئەنجامدنی کۆنگرە، بەمەرجێك یەکێتی پەرلەمانی عەرەب بەرواریکی دیکەی دیاری نەکردبێت لەبەر کاری بەپەلە.

ب. هەرپۆلێکی پەرلەمانی یان زیاتر دەتوانێت داوای ئەنجامدانی کۆنگرەیەکی نائاسایی بکات بەپێی برگەکانی پێنجەم لە پەیماننامەی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب بۆ تاووتوێکردنی بابەتێکی دیاریکراو یان زیاتر لە بابەتێك، لەم بارەشدا سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب داواکە دەگەیەنێت بە پۆلە پەرلەمانیە ئەندامەکان و ئەگەر دوو لە سێی ئەندامان ڕەزامەندیان نیشاندا، ئەوا سەرۆکی کۆنگرە بانگهێشتی ئەنجامدانی کۆنگرە دەکات بەمەرجێك تایبەت بکرێت بەو بابەت یاخود بابەتانەی کە دیاری کراوە. سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانی عەرەبیش بە هەمەئاهەنگی لەگەڵ ئەو پۆلە پەرلەمانیەی کە کۆنگرەکەی تێدا سازدەکرێت ماوەی کۆنگرەکە دیاری دەکات.

### مادەی — ٧

أ. پێویستە ئەو پۆلە پەرلەمانیەی کە میوانداری کۆنگرە دەکات ڕێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر بۆ ئەو مەبەستە بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمینداریتی گشتی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب.

ب. ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب مافی ئەوەی هەیە لە کاتی پێویستدا یەکێتی پەرلەمانی عەرەبو پۆلە پەرلەمانیەکان بەشدار بکات لە خەرجیەکانی کۆنگرە.

## سەرۆکایەتی کۆنگرە

**مادەی — ٨**

سەرۆکایەتی کۆنگرە لەلایەن سەرۆکی پۆلی پەرلەمانی ئەو وڵاتەی کە میوانداری کۆنگرەی کردووە دەبێت، یان جێگری سەرۆك ئەگەر ئەو ئامادە نەبوو، هەروەك هەڵدەستێت بە سەرپەرشتی کارەکانی کۆنگرە.

**مادەی — ٩**

أ. نوسینگەی کۆنگرە پێکدێت لە سەرۆکی کۆنگرەو دوو ئەمیندار کە سەرۆك دیاریان دەکات.

ب. نوسینگەی کۆنگرە هەڵدەستێت بە هاوکاری سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب و ئەمینداری گشتی و ڕێوشوێنی پێویست دەگرێتەبەر بەمەبەستی بەباشی بەڕێکردنی کارەکانی کۆنگرە بەپێی پەیماننامەی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب.

**مادەی-١٠**

سەرۆکی کۆنگرە بەناوی کۆنگرەوە دەدوێت و نوێنەرایەتی دەکات و سەرپەرشتی جێبەجێکردنی پەیڕەوی ناوخۆ دەکات و وادەی دانیشتنەکان دیاری دەکات، پاش وەرگرتنی بۆچوونی نوسینگەی کۆنگرە مافی ئەوەی هەیە دەست بەکاربێت لەبارەی ئەو ڕێسایانەی کە لە پەیڕەوی ناوخۆدا ئاماژەی پێ نەکراوە.

## خشتەی کارەکان: بڕیارو ڕاسپاردەکان

### مادەی — ١١

نوسینگەی کۆنگرە هەڵدەستێت بە دابەشکردنی بڕیارو ڕاسپاردەو ئەو هەموارکردنانەی کە پەیوەندی هەیە بە ئەندامانی کۆنگرەکەوە.

### مادەی -١٢

أ. هەر داوایەك بۆ زیادکردنی بڕگەیەك بۆ خشتەی کارەکانی کۆنگرە دەبێت پڕۆژە بڕیارێکی لەگەڵ هاوپێچ بکرێت.

ب. مەرجە بۆ پەسەندکردنی داوای زیادکردنی بڕگەیەك بۆ خشتەی کارەکان دوو لەسەر سێی دەنگەکان ڕەزامەندی لەسەر نیشان بدەن، دەنگدانیش پاش بیستنی بۆچوونی هەریەك لەو لایەنە دەبێت کە پشتیوانی دەکات لەگەڵ ئەو لایەنەی کە نارازییە.

ج. ئەو بابەتانەی بڕیار دەدرێت زیاد بکرێن بۆ خشتەی کارەکان ڕەوانەی ئەو لیژنانە دەکرێن کە بەپێی مادەی ٤ی پەیماننامەی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب پێکهاتوون بەمەبەستی لێکۆڵینەوەیان و پێشکەشکردنی ڕاپۆرتێك لەوبارەیەوە.

### مادەی — ١٣

بڕیاردەری لیژنە تایبەتمەندەکان ڕاپۆرت و ڕوونکردنەوەکانیان لە کۆنگرەدا دەخەنەڕوو، هەروەك ئەندامانی لیژنە دەتوانن ڕوونکردنەوەی پێویست بخەنەڕوو پاش مۆڵەت وەرگرتن لە سەرۆکی کۆنگرە.

### مادەی — ١٤

سەرەتای کارەکانی کۆنگرە بە تاووتوێکردنی ڕاپۆرتێکی گشتی دەبێت کە ئەمینداری گشتی پێشکەشی دەکات و هاوشێوە دەبێت لەگەڵ ئەو ڕاپۆرتەی کە

پێشکەشی ئەنجومەنی یەکێتی پەرلـەمانی عەرەب دەکات بەپێی مادەی ۱۳ی پەیماننامەی یەکێتی پەرلـەمانی عەرەب.

## مادەی — ١٥

أ. دەکرێت داوا لـە کۆنگرە بکرێت ڕاستەوخۆ دەنـگ بـدات لـەسـەر پـڕۆژە بڕیارێك بەبێ خستنەڕووی بۆگفتوگۆکردن ئەمەش پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی کۆنگرە.

ب. پێویستە ئەو پڕۆژەیەی کە لـە بەندی پێشوو ئاماژەی پێکراوە دابەش بکرێت بەسەر پۆلـە پەرلـەمانیەکاندا لانی کەم پێش ئەنجامدانی کۆنگرە بە ۱٥ ڕۆژ.

ج. دەقی پڕۆژە بڕیارەکە لـەبەردەم ئەندامانی کۆنگرەکەدا دەخوێنرێتەوە پاشـان دەنگ دەدرێت لـەسەر خستنە دەنگدانی پڕۆژەکە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویـستە دەنگـی دوو لـەسەر سێی ئەندامانی کۆنگرە بەدەست بهێنێت.

د. ئەگەر دەرەنجامی دەنگدانەکە ئیجابی بـوو ئـەوا ڕاسـتەوخۆ دەنـگ لـەسـەر پڕۆژەکە دەدرێت بەمەبەستی پەسەندکردنی و پێویستە زۆرینەی دەنگەکانیش بەدەسـت بهێنێت.

ه. ئەگەر دەرەنجامی دەنگدانەکە نێگەتیڤ بوو ئەوا پڕۆژەکە ڕەوانـەی لیژنـەی تایبەتمەند دەکرێت.

## مادەی -١٦

أ. ناکرێت دەنگ لـەسەر بابەتێك بدرێت یـان تـاووتوێ بکرێـت ئەگـەر هـاتوو پێشتر لـە کۆنگرەکە دەنگی لـەسەر درابوو.

ب. بەپێچەوانەی بڕگـەی پێـشوو، لیژنـەی تایبەتمەنـد بـە ڕێککـەوتن لەگـەڵ نوسینگەی کۆنگرە دەتوانێت پێشنیاری ئەوە بکات کە بابەتێك بخرێتەڕوو لـە کـۆنگرە کـە پێـشتر تـاووتوێکراوە، لــەم بارەشـدا پێویـستە ئـەم پێـشنیارە ڕاسـتەوخۆ بخرێتـە دەنگدانەوە بەبێ گفتوگۆ.

**مادەی -١٧**

سەرۆكی كۆنگرە یان ئەو كەسەی كە جێی دەگرێتەوە لە دانیشتنی كۆتاییدا ئەو بڕیارو ڕاسپاردانە دەخوێنێتەوە كە كۆنگرە پەسەندی كردووە.

**مادەی -١٨**

پێویستە هەر پۆلێكی پەرلەمانی ئەنجومەنی پەرلەمانی خۆی لەو بڕیارو ڕاسپاردانە ئاگادار بكاتەوە كە كۆنگرە پەسەندی كردووە.

## هەمواركردنەكان

**مادەی -١٩**

أ. هەر نوێنەرێك مافی ئەوەی هەیە ئەو هەمواركردنانە پێشكەش بكات كە بەباشی دەزانێت لەسەر هەر پڕۆژە بڕیارێك.

ب. پێویستە هەمواركردنەكان بە نووسراو پێشكەش بە نوسینگەی كۆنگرە بكرێت لانی كەم پێش ٢٤ كاتژمێر لە كردنەوەی دانیشتنی گشتی كە بابەتەكەی تێدا تاووتوێ دەكرێت.

**مادەی — ٢٠**

أ. پێویستە هەمواركردنەكان دەربارەی ئەو دەقە بێت كە خراوەتەڕوو بۆ لێكۆڵینەوەو هەروەها پێویستە تەنها هەمواركردن یان زیادكردن یاخود هەڵوەشاندنەوەی یەك بڕگە لە خۆبگرێت لە پڕۆژە سەرەكیەكە بەبێ ئەوەی ئەم هەمواركردنانە گۆڕینی ناوەرۆكی پڕۆژەكە بەئامانج بگرێت.

ب. نوسینگەی كۆنگرە تایبەتمەندە بە لێكۆڵینەوە لە ڕێگەدان بەپەسەندكردنی هەمواركردنەكان.

## مادەی -٢١

أ. لــەكاتی بــوونی دوو هــەمواركردن لەســەر پرۆژەیــەك، یەكــەمجار ئــەو هەمواركردنە دەخرێتە دەنگدانەوە كە دوورترە لە ناوەرۆكی پرۆژەكەوە.

ب. ئەگەر چەند هەمواركردنێكی هاوشێوە لەسەر یەك پرۆژە پێشكەشكران، ئەوا ئەو هەمواركردنەی كە یەكەمجار دەنگی لەسەر دەدرێت هەمواركردنەكانی دیكە هەڵدەوەشێنێتەوە، بەڵام ئەگەر هەمواركردنی یەكەم ڕەتكرایەوە ئەو كات هەمواركردنەكانی دیكە دەخرێنەڕوو بەدوای یەكدا بەپێی باشترینیان.

ج. ئەگەر ناكۆكی هەبوو دەربارەی باشترین هەمواركردن، ئەو كات بڕیاری كۆتایی لەلایەن سەرۆكەوە دەدرێت.

## مادەی -٢٢

ئەو كەسانەی بۆیان هەیە لەسەر پێشنیاری هەمواركردنەكە بدوێن بریتین لەو كەسەی كە هەمواركردنەكەی پێشكەشكردووە یان بڕیاردەری لیژنەی تایبەتمەند یاخود یەكێك لەو كەسانەی كە ناڕازین، سەرۆكیش مافی ئەوەی هەیە ڕێگە بدات بەهەركەسێك كە بەباشی بزانێت لە نوێنەران تاوكو بدوێن.

## مادەی -٢٣

نوسینگەی كۆنگرە كۆنووسی دانیشتنی ڕابردوو بەسەر ئەندامانـدا دابەش دەكات، هەر ئەندامێكیش مافی ئەوەی هەیە داوا بكات كە كۆنووسەكە ڕاست بكرێتەوە، لەمبارەشدا پێویستە داوای ڕاستكردنەوە پێشكەش بە نوسینگەی كۆنگرە بكرێت لە دانیشتنی دواترداو نوسینگەش داوای ڕاستكردنەوەكە جێبەجێ دەكات.

## مافی دوان و پاراستنی ڕێساكان

### مادەی -٢٤

هیچ كەس مافی دوانی نیە مەگەر بە مۆڵەتی سەرۆك نەبێت.

### مادەی — ٢٥

أ. لە دانیشتنە گشتیەكاندا تەنها دوو نوێنەر لە هەر پۆلێك بۆیان هەیە بدوێن لەبارەی یەك بڕگە لەو بڕگانەی خراونەتەڕوو لە خشتەی كارەكاندا، هەروەها ئەو كەسەی دەدوێت بۆی نیە لەو ماوەیە زیاتر بدوێت كە سەرۆك بۆی دیاری كردووەو بریتیە لە دە خولەك بۆ یەك نوێنەرو پازدە خولەك بۆ دوو نوێنەر، مەگەر تەنها لەوبارانەدا نەبێت كە نوسینگەی كۆنگرە بڕیاری لەسەر دەدات.

ب. هیچ پۆلێك كە پیشنیاری یەك هەمواركردن یان زیاتری پێشكەشكردووە لەسەر پڕۆژە بڕیارێك و ڕەزامەندی نیشاندراوە لەسەر تاووتوێكردنی، بۆی نیە داوای ئەوە بكات كەسێكی دیكە بدوێت یان ئەو ماوەیە تێپەڕێنێ كە لە بڕگەی (أ)ی ئەم مادەیە دیاری كراوە.

ج. بڕیاردەری لیژنەكان مافی ئەوەیان هەیە بەشداری بكەن لە گفتوگۆكاندا پاش مۆڵەت وەرگرتن لە سەرۆكی كۆنگرە.

### مادەی -٢٦

أ. مۆڵەتی دوان بە پێی ڕیزبەندی تۆماركردنی ناوەكان دەبێت جگە لە بڕیاردەرو ئەو نوێنەرانە نەبێت كە هەمواركردنیان پێشكەشكردووە.

ب. هەرگیز نابێت وتەكانی ئەو كەسەی دەدوێت ببڕدرێت مەگەر پێچەوانەبێت لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆ.

ج. سەرۆكی كۆنگرە ڕاستەوخۆ كار بەو نارەزاییە دەكات كە تایبەتە بە سەرپێچی پەیڕەوی ناوخۆ.

## مادەی-٢٧

أ. سەرۆکی کۆنگرە ئەو کەسە وریا دەکاتەوە کە دەدوێت کاتێـك لـەو بابەتـە لادەدات کە خراوەتەڕوو بۆ گفتوگۆ یان ئەگەر هاتوو زیادەڕەوی کردە سەر کارەکانی کۆنگرە بە ووشەی نەشیاو، هەروەك سەرۆك دەتوانێت ئەگەر پێویستی کـرد ڕێـی لـێ بگرێت لـەوەی بەردەوام بێت لـەسەر وتەکانی، لـەهەمانکاتدا سەرۆك دەتوانێت فـەرمان بدات بە سڕینەوەی ووتەکانی لـە کۆنووسی دانیشتنەکەدا.

ب. پێویـسته سـەرۆك ڕاسـتەوخۆ هـێمنی و پاراسـتنی یاسـا بگێڕێتـەوە بـۆ دانیشتنەکەو مافی ئەوەشی هەیە کە هەر ڕێوشوینێك بگرێتەبەر بۆ گێڕانـەوەی کەشـی دانیشتنەکە بۆ دۆخی ئاسایی خۆی.

## مادەی -٢٨

أ. داوای دوان لـەم بارانەدا پێش دەخرێت:

سەرپێچی بڕگەکانی پەیڕەوی ناوخۆ.

دواخستنی گفتوگۆکان بۆ کاتێکی دیکە.

تەنها لێکۆڵینەوە لـە بابەتەکە.

کۆتایی هێنان یان هەڵپەساردنی دانیشتنەکە.

دواخستنی گفتوگۆکان بۆ کاتێکی نادیار.

ب. لـەکاتێکـدا یـەکێك لــەم داوایانــە پێـشکەشکرا، گفتوگۆکـان ڕادەگیرێـن دەربارەی ئەو بابەتەی خراوەتەڕوو بەمەبەستی بەدەمەوەچوونی داواکە.

ج. پێویستە ئەو داوایەی کە لـە بڕگەی یەکەمی ئەم مادەیە ئاماژەی پێکراوە بـە کورتی بخرێتەڕوو ڕێ لـەو کەسەش دەگیرێت کە داواکەی پێشکەشکردووە باسی ئـەو بابەتە سەرەکیە بکات کە خراوەتەڕوو بۆ گفتوگۆکردن.

د. ڕێگە نادرێت بەهیچ کەس لەبارەی ئەو داوایانەی باسکران بدوێت تەنها خاوەن داواکە یان یەکێك لەو کەسانە نەبێت کە نارازین بۆ ماوەیەکیش کە لە سێ خولەك تێپەڕنەکات.

### مادەی-٢٩

دانیشتنەکانی کۆنگرە بەئاشکرا ئەنجام دەدرێت و نابێت نهێنی بێت تەنها بە بریارێك لە کۆنگرەوە نەبێت بە ڕەزامەندی زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگدەران.

## دەنگدان: ڕێژەی یاسایی زۆرینە

### مادەی -٣٠

دەنگدان بە بەرزکردنەوەی دەست دەبێت، هەر پۆلێکی پەرلەمانیش مافی ئەوەی هەیە کە داوا بکات بەوەی دەنگدان بە خوێندنەوەی ناوەکان بێت. هەروەها لەسەر داوای لانی کەم سێ پۆلی پەرلەمانی دەنگدان بە شێوەی نهێنی ئەنجام دەدرێت و دەرەنجامەکەش لە کۆنووسی دانیشتنەکەدا تۆمار دەکرێت.

### مادەی-٣١

أ. نابێت لە کۆنگرەدا پرۆسەی دەنگدان بەڕێوەبچێت تەنها دوای ڕاگەیاندنی نەبێت لەلایەن سەرۆکەوە.

ب. دەرەنجامی دەنگدانەکە لەلایەن ئەو چاودێرانەوە دیاری دەکرێت کە نوسینگەی کۆنگرە دایان دەمەزرێنێت.

### مادەی -٣٢

أ. هەر ئەندامێك مافی ئەوەی هەیە داوا بکات بەوەی ئەو دەقەی دەنگی لەسەر دەدرێت بەیەکجار دەنگی لەسەر بدرێت یان بڕگە بڕگە دەنگی لەسەر بدرێت.

ب. ئەگەر یەکێك لە نوێنەران نارەزایی دەربڕی لەسەر داوای بەشبەشکردن ڕاستەوخۆ بابەتەکە دەخرێتە دەنگدانەوە بەبێ تاووتوێکردن.

ج. ئەگەر داوای بەشبەشکردنی پەسەندکرا، ئەوا کۆنگرە دەست دەکات بە دەنگدان لەسەر دەقەکە بڕگە بە بڕگە، پاش کۆتایی پرۆسەی دەنگدانەکەش هەموو دەقەکە دەخرێتە دەنگدانەوە بەبێ ئەو بڕگانەی کە ڕێککەوتن لەسەری بەدی نەهاتووە، ئەگەر بڕگەکان بەگشتی شکستی هێنا ئەوا پڕۆژەکە بەگشتی بە ڕەتکراوە دادەنرێت.

## مادەی -٣٣

نابێت ڕێ بگیرێت لە پرۆسەی دەنگدان یان بپچڕنرێت تەنها لەکاتێکدا نەبێت کە داوای ڕوونکردنەوە بکرێت دەربارەی چۆنیەتی ئەنجامدانی.

## مادەی -٣٤

نابێت پرۆسەی دەنگدان ئەنجام بدرێت تەنها بە ئامادەبوونی لانی کەم نیوەی پۆلە پەرلەمانیە ئەندامەکانی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب نەبێت.

## مادەی — ٣٥

أ. زۆرینەی پێویست بریتیە لە:

– دوو لەسەر سێی دەنگەکان لەکاتی داوای زیادکردنی بڕگەیەك بۆ خشتەی کارەکان یان داوای ئەنجامدانی دانیشتنێکی نهێنی یان دەنگدان لەسەر پڕۆژەی بڕیار بەبێ تاووتوێکردن.

– زۆرینەی دەنگەکان بۆ هەر بڕیارێك.

ب. دەنگە ئەرێ و نەرێکان ئەژمار دەکرێن.

ج. لەکاتی بەدیهاتنی دوو لەسەر سێ دەبێت دەنگە ئەرێکان (پۆزەتیڤەکان) لانی کەم یەکسان بێت لەگەڵ نیوەی کۆی دەنگەکانی شاندە بەشدارەکان لە کارەکانی کۆنگرەکەدا.

د. ئەگەر دەنگەکان یەکسان بوون ئەوا دەنگدانەکە بە ڕەتکراوە دادەنرێت.

## ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب

### مادەی — ٣٦

ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب لە دوو ئەندامی هەر پۆلێك پێکدێت، پێویستە هەر پۆلێك ساڵانە دیاریان بکات پێش وادەی ئەنجامدانی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب. ئەگەر یەکێك لەو دوانە پەرلەمانتار نەمان ئەوا ئەو پۆلە پەرلەمانیەی نوێنەرایەتی دەکات کەسێکی دیکە دیاری دەکات.

### مادەی — ٣٧

ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب دەتوانێت بانگهێشتی نوێنەری ئەو ڕێکخراوو لایەنانە بکات کە لە مادەی چوارەمی ئەم پەیڕەوی ناوخۆیە ئاماژەیان پێکراوە بۆ دانیشتنەکانی ئەنجومەن بە ناوی چاودێر.

### مادەی –٣٨

أ. ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب یەك جار لە ساڵێکدا لە مانگی شوبات کۆدەبێتەوە لەو وڵاتەی کە بارەگای ئەمینداریێتی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب لێیە، هەروەك هەر پۆلێکی پەرلەمانی عەرەب دەتوانێت میوانداریێتی کۆبوونەوەکە بکات لەسەر داوا خۆی و پاش ڕازیبوونی ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب بە زۆرینەی ڕەها.

ب. سەرۆکی یەکێتی پەرلـەمانی عەرەب بانگی سـەرۆکی پۆلـە پەرلـەمانیـەکان یان ئەو کەسانەی کە جێیان دەگرنەوە دەکـات بـۆ کۆبوونـەوە لـە بارەگـای یـەکێتی پەرلـەمانی عەرەب لـە نیوەی دووەمی هەموو ساڵێك لـە پێناوی ئامادەکردنی بابەتـەکان و هەمەئاهەنگی لـە نێوان هەڵوێستی شاندە پەرلـەمانیە عەرەبیـەکان لـە کـۆنگرەو یانـە نێودەوڵـەتیەکاندا.

ج. سەرۆکی یەکێتی پەرلـەمانی عەرەب دەتوانێت داوای ئەنجامـدانی دانیـشتنی نائاسایی ئەنجومەنی یەکێتی پەرلـەمانی عەرەب بکات ئەگەر بە پێویستی زانی یان لـەسەر داوای چوار یەکی ئەندامان.

## مادەی -٣٩

سەرۆکی ئەنجومەنی یـەکێتی پەرلــەمانی عـەرەب وادەی ئەنجامـدانی ئەنجومـەن دیاری دەکات و بەلانی کەم پێش مانگێك لـەو وادەیـە داوا لـە پۆلـە پەرلـەمانیـەکان دەکات کە ئامادەبن.

## مادەی -٤٠

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی یەکێتی پەرلــەمانی عـەرەب بـە نـۆرە دەبێـت لـەنێوان وڵاتانی پۆلـە پەرلـەمانیە ئەندامەکان بەپێی ڕێزبەندی هیجائی بە پشت بەستن بە برِگـەی (ب) لـە مادەی نۆیەم لـە بەڵگەنامەی یەکێتی پەرلـەمانی عەرەب و سـەرجەم سـەرۆکی شاندەکانیش بە جێگری سەرۆك دادەنرێن. ئەگەر سەرۆکی ئەنجومـەنیش ئامـادە نـەبوو ئەو کات لـەلایەن بەتەمەنترین کەس سـەرۆکایەتی دەکرێـت و هـەموو دەسـەڵاتەکانی سەرۆکیشی دەبێت.

## مادەی -٤١

أ. دەکرێت ئەو پۆلە پەرلەمانیەی کە پاڵێوراوە بۆ وەرگرتنی سەرۆکایەتی داوای لێبوردن بکات لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکە، لەمبارەشدا ئەو پۆلە پەرلەمانیەی کە بەدوایدا دێت لە ڕیزبەندی هیجائیدا جێی دەگرێتەوە.

ب. سەرۆکایەتی دەگوازرێتەوە بۆ ئەو پۆلە پەرلەمانیەی کە بەدوای پۆلی پاڵێوراودا دێت بۆ سەرۆکایەتی. ئەگەر ئەمەی دواییش نەیتوانی لەماوەی سێ مانگدا لە وادەی دیاریکراو ڕێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر بۆ وەرگرتنی سەرۆکایەتی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب، سەرۆکی ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب کە ماوەی کاکردنەکەی کۆتایی هاتووە بە نووسراوێکی فەرمی سەرۆکایەتی دەگوازێتەوە بۆ ئەو پۆلە پەرلەمانیەی کە بە دوایدا دێت و هەروەك ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب و پۆلە پەرلەمانیەکان ئاگادار دەکات و پێویستە سەرۆکی نوێش ڕێوشوێنی بەپەلە بگرێتەبەر بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب بەپێی بەڵگەنامەو پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب.

ج. لە هەموو بارەکاندا نابێت سەرۆکایەتیکردنی پۆلێکی پەرلەمانی زیاد لە دوو ساڵ لەسەر یەك بەردەوام بێت.

د. لەبارێکدا کە ئەو پۆلە پەرلەمانیەی کە سەرۆکایەتی لە ئەستۆدایە توانای ئەو کارەی نەما، ئەوا سەرۆکایەتی ئەنجومەن ڕاستەوخۆ دەگوازرێتەوە بۆ ئەو پۆلە پەرلەمانیەی کە بەدوایدا دێت بەپێی ڕیزبەندی پیتەکانی هیجائی بەپشت بەستن بە بڕگەی (ب)ی ئەم مادەیە.

## مادەی -٤٢

سەرۆکی ئەنجومەن بە هەمەئاهەنگی لەگەڵ ئەمینداری گشتی خشتەی کاری ئەنجومەن دادەنێت و دەبێت دابەش بکرێت بەسەر پۆلە پەرلەمانیە ئەندامەکان لانی

کـەم پـێش مانگێـك لــە کردنــەوەی خـولی ئاسـایی و هــەروەك پێویـستە بەڵگەنامــە پێویستەکانیش هاوپێچ بکرێن.

**مادەی -٤٣**

بەلەبەرچاوگرتنی بڕگەکانی بەڵگەنامــەی یـەکێتی پەرلــەمانی عــەرەب هــەمان ڕێوشوێنی کۆنگرەو ڕێسای دەنگدان تێیدا دەچەسـپێت لــە دانیـشتنەکانی ئەنجومــەن و لیژنەکانی یەکێتی پەرلـەمانی عەرەب.

## ئەمینداریێتی گشتی

**مادەی -٤٤**

ئەمینداری گشتی بەپێی بڕگەکانی مادەی ١٢ لـە بەڵگەنامەی یەکێتی پەرلـەمانی عەرەب دیاری دەکرێت و لــە ژێـر چـاودێری سـەرۆکی یـەکێتی پەرلــەمانی عــەرەب دەست بەکارەکانی دەکات.

**مادەی -٤٥**

أ. یەك ئەمینداری گشتی یاریدەدەر یان زیاتر یاریدەی ئەمینداری گشتی دەکـەن لـەگەڵ دەستەیەك لـە کارمەندان، ئەنجومەنی یەکێتی پەرلـەمانی عــەرەبیش هەڵدەسـتێت بە دانانی ڕێسای کارمەندان لـە یەکێتی پەرلـەمانی عەرەبیدا.

ب. ئەگەر شوێنی ئەمینداری گشتی بەتاڵ بوو، سـەرۆك یـەکێك لــە ئەمینـدارە گشتیە یاریدەرەکان ڕادەسپێرێت بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکاتی ئەمینداری گـشتی تـا کـاتی ئەنجامدانی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی یەکێتی پەرلـەمانی عەرەب.

**مادەی -٤٦**

أ. ئەمینداری گشتی ئەمینداریێتی ئەنجومەن و کۆبوونەوەکانی تایبەت بـە یـەکێتی پەرلـەمانی عەرەب ڕێکدەخات و هاریکاری کارەکـانی نوسـینگەی کـۆنگرە دەکـات،

هەروەك دەتوانێت لەگەڵ دەستەی ئەمینداریتی گشتی پشت ببەستێت بە هەركەسێك كە بە گونجاوی بزانێت بۆ جێبەجێكردنی كارەكان لەكاتی پێویستدا.

ب. ئەمینداری گشتی یان یاریدەدەرەكانی لەسەر داوای سەرۆك دەتوانن ڕاپۆرت پێشكەش بكەن بۆ كۆنگرە یان ئەنجومەن دەربارەی هەر بابەتێك كە تاووتوێ دەكرێت، هەروەك سەرۆك دەتوانێت بانگیان بكات بۆ خوێندنەوەی بەیاننامەی زارەكی دەربارەی ئەو بابەتەی كە بۆ تاووتوێكردن خراوەتەڕوو.

## مادەی -٤٧

ئەمینداری گشتی سەرپەرشتی ناردنی ڕاپۆرتی لیژنەكان و سەرجەم بەڵگەنامەكانی دیكە دەكات بۆ پۆلە پەرلەمانیە بەشدارەكان لانی كەم پێش یەك مانگ لە وادەی كردنەوەی كۆنگرە.

## مادەی -٤٨

ئەمینداری گشتی بەڵگەنامەو ڕاپۆرت و پرۆژەو بڕیارەكان وەردەگرێت و هەڵدەستێت بە دابەشكردنیان، لەهەمانكاتدا كۆنووسی دانیشتنەكانی كۆنگرەو بەڵگەنامەكان دەپارێزێت و هەر كارێك كە ئەنجومەنی یەكێتی پەرلەمانی عەرەب یان كۆنگرە داوای بكات دابینی دەكات و هەر پێداویستیەكی دیكەی جێبەجێكردنی بڕیارەكانیان دابین دەكات.

## مادەی -٤٩

ئەمینداری گشتی هەر ساڵێك جارێك ئەمانەی خوارەوە پێشكەش بە كۆنگرە دەكات:

أ. بەیاننامەیەك دەربارەی كارو بڕیارو ڕاسپاردەكانی ئەنجومەنی یەكێتی پەرلەمانی عەرەب و ئەو دەرەنجامانەی كە بڕیاری كۆبوونەوەكانی پێشوو پێی گەیشتووە لەگەڵ پێشنیارەكان دەربارەی پەرەپێدانی كاری یەكێتی پەرلەمانی عەرەب.

ب. پلانی کاری یەکێتی پەرلەمانی عەرەب بۆ ساڵی داهاتوو.

ج. بەیاننامەیەك دەربارەی ژمێریاری کۆتایی بۆ ئەو ساڵە داراییەی کە کۆتایی هاتووە لەگەڵ پڕۆژەی بودجەی ساڵی دارایی داهاتوو.

## لیژنەکان

### مادەی -٥٠

ئەم لیژنە هەمیشەییانەی خوارەوە لە ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب پێکدەهێنرێت:

١. لیژنەی یاسایی.

٢. لیژنەی کاروباری سیاسی و پەیوەندیە پەرلەمانیەکان.

٣. لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووری و کۆمەڵایەتی.

٤. لیژنەی فێرکردن و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و لاوان و پاراستنی ژینگە.

٥. لیژنەی کاروباری ئافرەت.

هەروەها دەکرێت لیژنەی کاتی پێکبێت.

### مادەی -٥١

لە پێکهێنانی ئەم لیژنانەدا ڕەچاوی نوێنەرایەتی هەر پۆلێکی پەرلەمانی دەکرێت بە یەك ئەندام.

### مادەی -٥٢

هەر لیژنەیەك سەرۆك و بڕیاردەرێك لە نێو ئەندامەکانیدا هەڵدەبژێرێت.

### مادەی -٥٣

کۆبوونەوەی لیژنەکان یاسایی دەبێت کاتێك لانی کەم پێنج ئەندام ئامادەبن و بڕیارەکانیش بە زۆرینەی ئامادەبووان دەدرێت.

## مادەی -٥٤

پێشنیارو ڕاپۆرت و بەڵگەنامەکانی دیکە لەلایەن ئەمینداری گشتیەوە بەرێککەوتن لەگەڵ سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب ڕەوانەی سەرۆکی لیژنەکان دەکرێت، هەروەك لیژنەکان دەرەنجامی کارەکانی خۆیان ڕەوانەی ئەمینداریێتی گشتی دەکەن و ئەویش لەلایەن خۆیەوە لە ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب یان لە کۆنگرە دەیخاتەڕوو یاخود ئەو خاڵانە جێەجێ دەکات کە دەکرێت جێبەجێ بکرێن.

## مادەی -٥٥

أ. ئەو لیژنانەی کە لە بڕگەی پێشووی ئەم مادەیە ئاماژەی پێکراوە کۆدەبنەوە لەکاتی ئەنجامدانی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب یان کۆنگرەی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب لە شوێن و کاتی کۆبوونەوە.

ب. هەموو لیژنەکان یان هەندێکیان لەبارەگای یەکێتی پەرلەمانی عەرەب کۆدەبنەوە لەسەر بانگهێشتی سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب.

# بڕیارە کۆتاییەکان

## مادەی -٥٦

ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب لەهەر ساڵێکدا ڕێژەی بەشداری هەر پۆلێکی پەرلەمانی لە خەرجیەکانی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب دیاری دەکات، ئەگەرنا ئەوا ئەو ڕێژانەی کە کاریان پێدەکرێت وەکو خۆیان دەمێننەوە.

**تێبینی**: ئەم پەیڕەوی ناوخۆیە پاش هەموارکردنی لە خولی ٣٥ی ئەنجومەنی یەکێتی پەرلەمانی عەرەب لە جەزائیر لە بەرواری ١٩-٢٠ شوباتی ٢٠٠٠ پەسەندکرا.

وەرگێڕانی بۆ کوردی: ئیبراهیم ئیسماعیل مەحمود